The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
chak.org@gmail.com

# کۆمیتەی هۆڵەندا : ناوی هەڵەبجە و ئەنفال بە هیچ شێوەیەک و لە ژێر هیچ بیانوویەکدا نابێت بکرێتە چەترێک بۆ بردنە پێشەوەی مەرامی سیاسی هیچ حیزب و ڕێکخراوێک

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 24 -11-2007 بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامان کۆمیتەی هۆڵەندای ناوەندی چاک کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆی بەست ، لەو کۆبوونەوەیەدا هەڵسوڕانی دەورەی ڕابردوو و هۆکارەکانی جیابوونەوەی کەمینەیەک لە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی چاک، چالاکی‌یە درەخشاوەکانی دادگایی فرانس فان ئەنرات و نەخشەو پلاندانان بۆ کارەکانی دەورەی داهاتوو هاتنە بەر باس و لێکۆڵینەوە .
کۆمیتەی هۆڵەندا هاودەنگی خۆی لەگەڵ لێکدانەوە و تێڕوانینەکانی ئەم دەورەیەی زۆرینەی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ناوەند لەسەر سەرهەڵدانی کێشەکان دەربڕی و لەسەر بنەمای کارکردن بە ئاقاری ڕێکخراوەیەکی تۆکمە و پرۆفیشناڵ بۆ قوربانیانی هەڵەبجە و ئەنفال و کەسوکارەکانیان پێی داگرتەوە.

کۆمیتەی هۆڵەندا خۆشحاڵی خۆی سەبارەت بەجێهێشتنی ڕەوتێک لە هاوڕێیانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ناوەند کە تێڕوانینێکی حیزبی و سیاسی وە یان مەرامی تایبەتی خۆیان بۆ ئایندەی ڕێکخراو و کارکردنەکانی هەبوو پیشان دا. لەهەمان کاتدا نیگەرانی خۆیان سەبارەت بە بەکارهێنانی دەستکەوتە مەعنەوی‌یەکانی ناوەندی چاک ( وەک ناوی ماڵپەڕ ، لۆگۆ ، بردنی ئەرشیفی ماڵپەڕی هەڵەبجە کە بە هیمەتی ئێمە دروستکراون و بەڕێوەبراون ) لە لایەن کەمینەی جیابووەوە نیشان دا. لەهەمان کاتدا بانگەوازی کەمینەی جیابووە، سەبارەت بە بەستنی کۆنگرە لە ژێر ناوی ناوەندی -چاک-دا بە کارێکی نایاسایی لە قەڵەم دا. هەر بۆیە کۆمیەی هۆڵەندا بانگەوازی خۆی ئاراستەی گشت دڵسۆزان و ڕۆشنبیران ئەکات کە ئاگاداری ئەو کۆنگرەیە بن کە لەژێر ناوی ناوەندی چاک دا ساز ئەکرێت، کە کۆبوونەوەیەکی نایاسایی و دروستکردنی ڕەوتێکی سیاسی‌یە کە لە ژێر ناوی هەڵەبجە و ئەنفالدا ئەیانەوێت مەرامە سیاسی و پشتپەردەکانی‌خۆیان بەدی بێنن.وە ئەوەی چاک تا ئێستا بەدی هێناوە بەرەو ئاقارێکی دیکەی بەن. هەرکەس ئازادە وەک ئەوەی خۆی ئەیەویت کار بکات، بەڵام کەس ئازاد نییەکە ناوی هەڵەبجە و ئەنفال بۆ مەرامی تایبەتی خۆی بەکار بهێنێت.

کۆمیتە پێی وایە ناوی هەڵەبجە و ئەنفال بە هیچ شێوەیەک و لە ژێر هیچ بیانوویەکدا نابێت بکرێتە چەترێک بۆ بردنە پێشەوەی مەرامی سیاسی هیچ حیزب و ڕێکخراوێک. بەڵکو بنەمای کارکردنی ڕێکخراو ئەبێت لەسەر هەمان ڕێڕەوی واقیعی و دروستی خۆی کە وەستانەوەیە دژ بە جینۆسایدی خەڵکی کوردستان و خزمەتکردنە بە قوربانیانی کیمیاباران، هەڵەبجە، و ئەنفال و کەسوکارەکانیان بەردەوام بێت. پێداگرتن لەسەر ئاستی دۆست پەیداکردن دژ بە جینۆسایدی خەڵکی کوردستان و بەرفراوانکرنەوەی تۆڕی پەیوەندی‌یەکان لەسەر ئاستی هۆڵەندا و دەستبردن بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان یەکێک لە تەوەرەکانی کۆبوونەوەی پێک هێنا. قوربانیانی هەڵەبجە و ئەنفال چاوەڕێی کاری گەورە بۆ دۆزەکەیان لە ئێمە ئەکەن ، بە داخەوە شیواندنی ناوی چاک، ئەوانیشی بێ ئومێد کردوە، هەر بۆیە پەیمان ئەدەین لە ئاستی پیرۆزی و هەستیاریی دۆزەکەیان کارا بین.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا کۆمیتە سێ ئەندامی هەڵبژارد بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی خۆی
کامەران ئەحمەد    تاهیر حەسەن    دانا هەڵەبجەیی

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی خەڵکی کورد – چاک
هۆڵەندا
2007-11-26

www.chak.info    chak.org@gmail.com